# حەرام بوونی زینا و قومار وگوشتی بەراز

[ كردي – کوردی – kurdish ]

**سەرچاوە:** سایتی ئیسلام ( پرسیار و وەڵام )

وەرگێڕانی: سەرباز حەمید کرکوکی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( تحـــريم الزنـــا والميســـر والخـــنزير)

« باللغة الكوردية »

المصدر: موقع الإسلام ( سؤال وجواب )

ترجمة: سرباز حميد كركوكي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# حەرام بوونی زینا و قومار وگۆشتی بەراز

پرسیار: بۆچی زینا وقومار وگۆشتی بەراز حەرامە لە ئیسلامدا ؟

وەڵام: الحمد لله

پێشەکی پێمان سەیرە موسڵمان ئەم پرسیارە بکات دەربارەی شتێک کەوا روون وئاشکرایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەڵامەکە زۆر ئاسانە لەبەر ئەوەی خوای گەورە ـ کەواجبە فەرمانەکانی جێبەجێ بکەین ـ لەقورئاندا دەفەرموێت: { وَلا تَقْرَبُوا الزِّنَى إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلا } سورة الإسراء/٣٢.

واتە: هەرگیز نەکەن توخنی زینا بکەون و لێی نزیک ببنەوە، چونکەئەوەبەڕاستی گوناهو تاوان و هەڵەو ڕێچکەیەکی زۆر ناقۆڵایە.

وەپێمانی فەرمووە:{ إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنزِيرِ } سورة البقرة/١٧٣.

واتە: (خوای پەروەردگار) تەنها مردارەوەبوو و خوێن و گۆشتی بەراز و ئەو ماڵاتانەی کەناوی غەیری خوایان لەکاتی سەربڕیندا لەسەر هێنراوە، حەرامی کردووەلێتان .

وەپێمانی فەرمووە:{ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالأَنصَابُ وَالأَزْلامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (٩٠) إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُوقِعَ بَيْنَكُمْ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَعَنْ الصَّلاةِ فَهَلْ أَنْتُمْ مُنتَهُونَ (٩١)} سورة المائدة .

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە دڵنیابن کەعەرەق و قومارو گۆشتی ماڵاتی سەربڕاو بۆ غەیری خوا لەو شوێنانەی کەخەڵک بەپیرۆزی داناوە نەک ئیسلام، بورج حەرام و حەڵاڵ زانین بەهۆی هەڵدانی زارەوە ئەمانە هەرپیسن و لەکاروکردەوەی شەیتانن، کەواتە ئێوەش خۆتانی لێ دوور بگرن و خۆتانی لێ بپارێزن، بۆ ئەوەی سەرفرازیی و بەختەوەریی بەدەست بهێنن (لەهەردوو جیهاندا) (٩٠) ،بەڕاستی شەیتان هەر دەیەوێت لەڕێگەی عەرەق و قومارەوە دوژمنایەتی و بوغزو کینە بخاتە نێوانتانەوەو لەیادکردنی خوا و ناوەپیرۆزەکانی ویڵتان بکات، هەروەها سست و تەمەڵتان بکات لەئەنجامدانی نوێژەکان بەشێنەیی، ئایا ئیتر بەس نیە؟ ئایا کۆڵ نادەن؟! (جا هەر کەئەم ئایەتە پیرۆزە هاتە

خوارەوە، جارِ درا بەناو شاری مەدینەدا کەعەرەق حەرام کراوە، ئەوسا ئیمانداران قەڕابەو گۆزەو دیزەو هەرچی عەرەقی تیادا بوو ڕشتیانەکۆڵان) (٩١).

واجبەلەسەرمان دوور بکەوینەوە لەهەموو ئەو شتانەی کەخوای گەورە حەرامی کردوە لەسەرمان، ئەمەش وەکو بڕوا بوونێک بەشەریعەتەکەی خوای گەورە، بۆ ئەوەی ئەجر وپاداشت دەست کەوێت، وەلەهەمان کاتدا وەکو ترسێکێش بێت لەسزای خوای گەورە، لەگەڵ باوەڕ بوونمان بەوەی کە خوای گەورە هیچ شتێکی لێ قەدەغە نەکردووین ئیلا لەبەر ئەوەی زیانی تێیدایە بۆمان، ئەگەر هەستی پێ بکەین بەعەقڵمان یان هەستی پێ نەکەین، وە دەبێت لەم حاڵەتەدا تەسلیمی فەرمانەکانی خوای گەورە بین، خوای گەورە دەفەرموێت:{ فَلا وَرَبِّكَ لا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجاً مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيماً } ( النساء :٦٥) .

واتە: نەخێر، سوێند بەپەروەردگارت ئەوانەی (لافی بڕوا لێدەدەن) بڕوا ناهێنن هەتا لەهەموو کێشەیەکدا کەڕوودەدا لەنێوانیاندا تۆ نەکەن بەدادوەرو گوێڕایەڵی تۆ نەکەن، دوای ئەوەش نابێت لەدڵ و دەروونیاندا هیچ ناڕەزاییەک دروست ببێت بەرامبەر ئەوەی کەداوەریت لەسەر کردووەو دەبێت بەتەواویی تەسلیم بن و ڕازیی بن.